# بڕوخێ بێدەنگی : بێدەنگی و بێهەڵوێستی لەم کارەساتە یانی دۆستایەتی کردنی یان نەوێری..!!

## : کە گەل توورە بوو هەزار تۆفانی وەک کاترینا لەگەڵ خۆیدا لوولئەدات...!!



ئەندازیار . کەمال غەریب ک.

2005-09-24

ئەوەی ئەمرۆ سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت لە کوردستان، گەندەڵییە بەڵام کام گەندەڵی ، گەندەڵی خۆی ، زۆر جەمسەرە ، لە قووتدانی دۆلارێکەوە قوتدانە تا ملیارەها، لە دینارێکەوە ، بەخشینە تا ملیارەها ، لە بە زۆر شەریکەبەش بوون بە ناوی حیزبەوە گەندەڵیە تا دابەشکردنی زەویوزاری موڵکی میلەت بەسەر خزم و خێڵدا ( بۆچەندەها جار ) ،زەمانی بەعس مونەزەمە خاوەنی هەموو دەستیوەردانێک بوو بۆ ناو دەسەلات بەڵام ئەمرۆ مەڵبەندە یان لقە یان ڕێکخراوە یان کۆمیتەیە ...تادوایی. وە هەر پلەیەکی ئەم تاوانانە سزای یاسایی خۆی هەیە ؟ ( ئەم فیلە دزانە، هەموو سنوورەکانیان بەزاندووە ، تەنها هۆڵی دادگا نەبێت ).

ئەوانەی دەڵێن کە گوایە گەندەڵی تەنها لە بەڕێوەبردندایە ؟ دیارە خوازیارن پاڵەپستۆی دەروونیو و دەمارگرژی خەڵکی کوردستان ، کاڵتر بکەنەوە لە سەر دەسەلات، بەڵام باس لە دەسەڵاتی سیاسی گەندەڵ ناکەن..؟ من لێرە هەڵوێست و دەوری مەڵپەری ریفۆرم – کورد زۆر هەڵدەسەنگێن (www.reform-kurd.com) . دوایی ڕاپەڕینی پیرۆزی بەهاری 1991، هێزە ئۆلیگاشیەکانی کوردستان کە خاوەنی بەرەی کوردستانی بوون ( دانە دانەیان نەبێت لەو پارتانە ) ئەگیانا زوربەیان ،زۆر بێبەزییانە کەوتنە تالانی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان ، لە سەدی بەخەمەوە بیگرە تا تەللی ستوونە ئەلکتریکییەکان کە ئاودیوی ئێرانیان کرد ). کەس وورتەی لێوە نەهات ، کەسیش دادگایی نەکرا لە سەر ئەو ڕاوڕووتەی کردیان چونکە حیزب گڵۆپی سەوزو و زەردی بۆ داگیرساندن ( ئەمەش هێزی گەندەڵی حیزبی لە پشت و پاشییەوە بوو )، بۆیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا ،چونکە لەو باروزروفەی ئەوسا کە س نەبوو خاوەنی چەک بێت ئەوان نەبێت..!!!

لەمەش تاوانی گەورەتر و سەختر بێ هەڵویستی سەرجەم هێزە کوردییەکان و میللەتی کورد بوو بەرامبەر خۆفرۆشەکانی کورد (کە زۆر بێشەرمانە سەرقافڵەی تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید بوون) ، هەر وەک چۆن شۆرشەکەی خولە پیزیان خامۆشکرد ، تەنها لە پێناوی پوولدا و دژ بە نەتەوە، ئێستاش چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە ئەکەنەوە ببنەوە بە کلکی داگیرکەر ، لەبەر یەک هۆ ئەویش ئەوەیە کە کورد بە حیزب و نەتەوەوە نەیانتوانی یەک خاچ بەسەر ناوچەوانی ئەم کەسە سووکانەدا بنەخشێنن، یان بەپاڵێکی هێواش بیانتڕازێننە ناو زبلخانەی مێژووەوە، دوایی ڕاپەڕین ئەم کەسە سووکانە بوون بە خاوەنی کاریگەری بۆ سەر بڕیارەکانی دەسەلات. دوایی ڕمانی سیستێمی بە عسی فاشی ئەم خۆفرۆشانە یەکیان گرتەوە لەگەڵ پیاوەکانی بەعس، تەنانەت هەردوو دەسەلاتی حیزبی لە سلێمانی و هەولێر ، هەڵسان بە پاراستنیان و کارئاسانکرن بۆیان تا بۆی هەڵبێن بۆ هاندەران ( نموونەی شێخ چۆپییەکان زۆرن ) ، ئەمە بە بۆچوونی من سەرەتای گەندەڵی سیاسی دەسەلاتی حیزبی بوو..!! دوایش ئەم گەندەڵییە شەری دەستەویەخەی لێکەوتەوە ، تا دەوڵەتی توورک بوو بە حەکەم لە نێوانیاندا و بەم جۆرە توورک جێپێی خۆیان دامەرزاند وەک بنکەیەکی سەربازی لە باشووردا.

ڕووداوەکانی کەلار و شۆفێرەکانی سلێمانی و قوتابیانی زانکۆ و ..تادوایی نموونەی کەمنین ، هیچ دوورنییە ئەم گرژییە ڕوو لە دەستێوەردانی دەرەکی بکات وەک ئەوەی کەلار کە ویستان داوا ڕەواکانی خەڵکی هەژارای ئەم شارە بە ڕەوئاکامێکی تر بەرن.

بۆیە ئەمرۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی باشووری لە ئەستۆی ئەو دوو حیزبەیە ،وە قلپ بوونەوەی ئەم ئەزموونە دیسان لە ئەستۆی ئەوانە ، لە ڕووی پاڕاستنی مافی خەڵکی کورد لە یەکسانی و ڕەوابینینی هەموو خۆشییەکان و ئیمتیازەکان بۆ خەڵکی حیزبی و ناحیزبی، دەرگا کردنەوە بۆ خەڵکی خاوەن پلە خوێندەوارییەکان بۆ پۆستەگرنگەکانی دەسەڵات ،یەکگرتنەوەی دەسەڵاتی سلێمانی و هەولێر بە تایبەتی هێڵی تەلەفۆنی نێوان ئەم دوو شارە کورستانییە (گەر ئەم 15 ساڵە گەنەدەڵی سیاسی زاڵ نەبوایە ئەم دوو شارەی کوردستان لە یەکدانەئەبڕان لە بەر خواستی ئەم دوو کۆمپانییا ئۆلیگاشییە ).ئەمڕۆ گەندەڵی زۆر بێبەزەییانە لەم دییو و ئەودیو ئەبێت ، رسوابکرێت ، نەک بە نووسین و دەنگ بەرزکردنەوە بەڵکوو بە خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە هەموو باشووردا وە سازکردنی بەرنامەی تایبەتی تەلەفیزیۆنی دژ بە گەندەڵی .، تا دەسەڵاتی گەندەڵ گۆرەپانی سیاسی چۆڵ ئەکات و مل ئەنێت بۆ خواستەکانی خەڵکی بەشخووراوی کوردستان ، لەمەش هەڵوێستر *دادگایی کردنییانە ( بە ناوی دادگایی گەندەڵی : بە بڵاوکردنەوەی ناویان و وێنەکانیان و پۆستەکانیان و پەلەی سیاسیان) ، وە دادگایی کردنیان لە سەر دزینی دەنکە جۆیەکەوە تا ئەو کۆشک و تەلارانەی لە گەرەگە فەرعۆنەکان و ئەو کارگە و سووپەرمارکت و ئەو پارە خەوێندراوانەی لە بانکەکانی ئەورووپا لەنگەریان گرتووە . گەندەڵی حیزبی بووە هۆی لاوازی هەڵوێستی سیاسی سەرکردایەتی حیزبی ووتوویژکەر لە بەغدا بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد بەرامبەر ئارەبە ئێراقییەکان ، وای کرد لۆزانێکی تر بە مۆری کوردەوە بخرێتە ناو گەنجینەی پرۆتۆکۆلە وونبوەکانەوە (ئەمەش ڕێی خۆشکرد کە کورد بە دەستی بەتاڵ بێتە دەرەوە لەم هاوکێشەیەدا ، گەر کورد بێتەقە بەشداری ئەم ڕوودانانەی بکردایە هەگبەکەی لەوەی ئەمڕۆ بەتاڵتر نە ئەبوو ، بۆ نموونە تەماشای تورکمانە توورکەکان کەن ، یان ئاشووری و کلدانیەکان بکەن ،کە هەمێشە ئەیان فەرموو ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە، ( بێویژدان نیم گەر بڵێم بە هەموو توورکمان و ئاشووری و کلدانی یەک مەخزەن فیشەکیان بە سەر بەعسدا نە تەقاندووە.) بەڵام بوونیان لە کوردی ئەنفالکراو ، بەرجەستەترە، یان وەک کورد وایە. ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی کورد پێش بینی ئەکات ، لە پاشەڕۆژی دەسەڵات زۆر گەورەترە لەو حسابە خەیاڵاویانەی کە دەسەڵات بۆ خۆی کردووە ، چونکە کە زۆر هات قەوارە بە تاڵە، بۆیە ئەمڕۆ *حەلکردنی هەموو وەزارەتەکان بە وەزیرەکان و بریکارییەکانیان و دەستودایەرەکانیان و بەڕیوەبەرە گشتییەکان و جێگرەکانیان و بەڕیوەبەرەکان و تا دەگاتە سەر هەموو لایەنەکانی دەسەڵاتی گەندەڵی حیزبی دوور نییە هەنگاوێکی چاکسازی پەسەند کرواو بێت ، بۆ پاکردنەوەی ئەو کەڕووەی قەتماغەی کردووە لە سەر ڕووی دەسەڵاتی سیاسی.

*پێکهێنانی کۆنگرەی بە پەلە بۆ هەموو پارتە کوردستانییەکان ( تا سەرکردایەتی خاوەن عەقڵی گەنج و دەسپاک و کارامە و چاکساز و دوور لە مشەخۆری بە سەر خەڵکەوە هەلببژێرن ) بە مەرجێک هیج ئەندامێک بۆی نەبێت لە جارێک زیاتر خۆی هەلببژێرێت (ئەمەش بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵێ کاتێک دەسەڵات دەگرنە دەست).

*زیندوو کردنەوەی پەڕلەمان و بەپێزکردنی دەوری مۆنۆپۆڵی لە سەر بنچینە یاساییەکان ، وەک پەڕلەمانەکانی تری ئەم جیهانە ( دانانی دەستووری دیمۆکراتی کوردستان ) وەک یەکەیەکی سیاسی دەستباڵا لە سەرئاستی یاسادانان و یاسا جێبەجێکردن و چیر حیزب و سەرۆک کێشی سیاسیان و دەسەڵاتیان بوەستێندرێت ،پەڕلەمانتاران ئەبێت کەسانی خاوەن بروانامەی کەمتر لە بەکالۆریۆس نەبن و پەرلەمانتاران ئەبێت کەسانی لکەدار نەبن و لە ئاستی ڕووداوەکاندا بن ( واتە کەسانی پسپۆر و کارامەو خاوەن ویژدان و هەلبژێردراو بن لە لایەن خەڵکەوە نەک ئولیگاشی حیزبی فەرزی بکات بە سەر پەرلەماندا) ،* ئەبێت میدیایەکی سیاسی وەک دەسەڵاتی دەوڵەت دەمڕاست بێت ، وە ئەرکە یاساییەکان و جێبەجیکردنیان و جاڕدانە سیاسییەکان دوور لە پەردە( سانسۆڕ) و بە شەفافیتەوە لەو میدیایانەدا بڵاوبکرێتەوە دوور لە حەز و ناویستی حیزبی. ( تا ئەمڕۆ یەک لاپەرەی چاپکراو نییە بە ناوی دەسەڵاتەوە ، ڕۆژنامە حیزبییەکان نەبێت .) لەمەش هەنگاوی بەجێتر *دروستکردنی ساتیریکە لە نێوان ( خێڵ و خزمخزمێنە و حیزبچێتی) و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری سیاسیدا ، ئەویش بە دورستکردنی سیستێمی موئەسەساتی بەڕێوەبردن ، دانانی ژمارەی فیسکاڵی ( ژمارەی باجدان) بۆ هەموو فەرمانبەران و هەموو کەسێک باجی سەر شانی ، بە پێی

توانای ئابووری بدات بە دەوڵەت ، پێکهێنانی سیستێمی بانکی بۆ موچەدان ( دوور کەوتنەوە لە حسابی کاش ) و دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و دەزگای چاودێری دەوڵەت بۆ سەر هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان ، دوور لە دەستێوەردانی حیزب...!!!.